# جیاوازیم لەگەڵ " جیاوازییەکانی ئێمە"

- فارس – (ن . ف. عبدالله)

چاپی سێیەم

نۆڤەمبەری ٢٠١٨

# جیاوازیم لەگەڵ
# "جیاوازییەکانی ئێمە"

## بەشی یەکەم

### جیاوازیبوون:

جیاوازیبوون لەنێوان دوو مەبەستدا " جیاوازییە لە نێوان ناوەڕۆکەکەیاندا جیاوازییە لە پێکهاتنەکەیاندا. جیاوازییە لە دانەدانەی پێکهاتنەکەیاندا، جیاوازبوون هەر لە شێوەکانی دەرەوەیاندا نییە، "جیاوازبوونی تەواوەتی لە دەرەوە و ناوەوەی مەبەستەکەدایە".

بۆ نموونە: جیاوازی لە نێوان دوو گەردی شێوە جیاوازی پێکهاتنە کیمیاوییەئەندامییەکانی ((بیوتان)) لە کیمیای ئەندامیدا کە دووجۆری جیاوازی یەکترن لە پێکهاتنیاندا کەوەک (ن- بیوتان) ( ئایزۆبیوتان)ی لێپێکدێت و دوو شێوە ڕیزبوونی جیاوازی گەردیلەکانی کاربۆنی تیا بەدیدەکرێ.ئەمە وەک ڕژێم و یاسایەکی هەیە ڕیزبوونی گەردیلەکانی کاربۆن تیایدا بێ و لق و پۆپە ڕیزبوونی گەردیلەکانی کاربۆن لە ئایزۆبیوتاندا لقدارە.

ئەمە وەک دوو شێوەی پێکهاتن ڕیزبوونی گەردیلەکانی کاربۆن لەیەکتری جیاوازن،وە کیمیای ئەندامی وەک شێوەی هایدرۆکاربۆنەکان لە یەکتری جیاوازن .کە(سێ) پێکهێنەری جیاوازیان هەیە ئەویش بە پێی ناونانی و شێوەی بونی بەندی (تاک) و(جووت) و (سیانی) لە نێوانی گەردیلەی کاربۆنەکاندا کاریگەرییان لەپێکهێنانی ڕژێمی یاسای خۆیاندا هەیە.

بەندی گەردیلەکاربۆنەکان لە ئەلکانەکاندا تاکە، لە ئەلکینەکاندا جووتە و لە ئەلکاینەکاندا بەندی سیانی هەیە لە نێوان دوو گەردیلەی کاربۆندا، وە لە ناونانی یاسای گشتی ئەلکانەکان، "ئەلکینەکان" ئەلکانیەکان جیاوازە وە پەیوەندی ئەم سێ بەشەی هایدرۆکاربۆنەکان لە کیمیای ئەندامی لە چالاکی کیمیاییدا جیاوازن وە زنجیرە چوونیەکەکانیان جیاوازن، ڕەوشتی سروشتی (فیزیایی) ئەلکانەکان لەگەڵ ئەلکانیەکان لە یەکتری جیاوازن. وە کارلێکەکیمیاوییەکان لە نێوان ئەم سێ بەشەی هایدرۆکاربۆنەکان لەیەکتری جیاوازن، هەروەها ئامادەکردنی ئەلکانەکان لە تاقیگەدا جیاوازن لە ئەلکینەکان ......

ئەم هەموو ڕەوشت و کردارانە بوونەتە هۆی((لێک جیاوازیبوون )) ئەمانە هەمووی هۆن بۆ جیاوازبوونیان.

لێرەدا بواری ئەوە نییە کە بە دووروو درێژی لەسەری بدوێین وبنووسین بەڵام هەر چۆنێک بێ ئەمانە بۆ دوو پێکهات ئەبنە جیاوازی نەک تەنها شکڵ و شێوەیان ئەگەرئەمە ببێتە سەرچاوەی تێڕوانینمان بۆ جیاوازیبوونی ئەو سۆشیالیزمەی کە مارکس و ئەنجلز باسیان لێئەکرد و ئەوانەی کە پێش ئەوان باسیان لێکرد، چەند جیاوازیان هەیە لە باری ئایدۆلۆژی و لەباری میتۆلۆجی و لەباری بیردۆزی ئابورییەوە چەند جیاوازن لە یەکتری.

هەر ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵانێکی فەیلەسووفی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی پێش خۆی و کات و سەردەمانی خۆی وەک (روبرت ئوین) و(اتین کابیە) و (لویس بلان) و (برۆدون) و(هیگل) و .......هتد. هەموو ئەمانە کۆمەڵێک سۆشیالیستی خەیاڵی بوون ، وەتێڕوانین و بۆچوونەکانیان بە کۆمەڵێک فەلسەفەی ڕزیو و لەبەر یەکهەڵوەشاوە دارشتبوو.

مارکس کە ڕەخنەی لەم بۆچوونانە ئەگرت بە بەدیلی (ئەلتەرناتیفی) ئایدۆلۆژی و میتۆلۆژی و فەلسەفەی خۆیەوە هاتبووە پێشەوە ومەیدان.

لەمێژووی خەباتی چینایەتیدا ، کێشمەکێشی چینەکان لەگەڵ یەکتریدا و بە واقعی و بەدروستی ئەم کێشمەکێشەی ئەبینی ، بۆ بانگەوازکردنی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان لە خۆ کێشانە ناوەوەی هەندێک بڕوا و بۆچوونی سۆشیالیزمی بۆرژوازی و سەندیکالیستی و ریفۆرمیستی "سۆشیال دیموکراتی ئاگادار ئەکردەوە یەک بە یەکی پایە بناغەییەکانی ئەم ئەم جۆرە بڕوا و بۆچوونانەی ئەدایە بەر ڕێژنەی ڕەخنە مادییەکانی خۆی" وە کرێکارانی بۆ خەباتێکی چینایەتی و دروستبوونی ڕێکخراوێکی کرێکاری سەربەست ، ئاگادار و بانگەوازی بۆ ئەکردن .

لەکاتێکدا منصوری حکمت لە چاوپێکەوتنەکەیدا کە لەگەڵ (بسوی سۆشیالیزم) دا لە ژێر ناونیشانی (جیاوازییەکانی ئێمە)[1] دا بڵاوبۆتەوە کە خۆی بە جیاوازلە تێڕوانینی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئەداتە قەڵەم وە ناونیشانی (کۆمۆنیزمی - کرێکاری) لە نوسینەکانی و ووتەکانی داوە.

هەروەکو لەسەرەوە باسم لێکردووە کە جیاوازیبوونەوەی دوو مەبەست" تەنها لە شکڵ و شێوەی دەرەوەیاندا نییە، کاتێک ئێمە دێینە سەر تێڕوانییەکانی مارکس بەرامبەر سۆشیالیزمی خەیاڵی" دەبینین یەک سۆشیالیزمی زانستی – ماددی لە بەرامبەریدا بەیانکردووە،" ئەمە دوو ناوەڕۆک و دوو جەوهەری لەیەکتری جیاوازبوون ، وە بانگەوازی هەموو کرێکارانی کرد بۆ خستنە دەستوری کاری ئەم سۆشیالیزمە زانستیە کە دوور لە دیدو کردەوەیەکی ڕیفۆرمیستی وسەندیکالیستی و سۆسیال دیموکراتی لە ئیعتراز(مانگرتن) و شۆڕشی خۆیاندا بەرجەستەبکەن، وە هەر ئەم سۆشیالیزمە زانستیەشە کە بەتەنها تواناوڕێسا و هەوڵی بە سۆشیالیستی کردنەوەی دامودەزگا ئیداری و ئابورییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتیە ، ئەبێتە هۆکاری دامەزراندنی ڕزگاری هەمەجۆر،بنبڕکردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی مرۆڤایەتیە ، لێرەوە دەمەوێت ئەم ناڕۆشنیە و دژبەرییەی جیاوازییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گەڵ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەیەکتری

[1] چاوپێکەوتنی منصور حکمت بۆ ووتو وێژکردن لەگەڵ بوی سۆشیالیزم، لەژێر ناونیشانی جیاوازییەکانی ئێمە

و هەروەها هەردووکیان لە سۆشیالیزمی زانستی  لە دانە دانەی بەشەکانی تری ئەم نوسراوە دا بخەمە بەردیدەی هزروتێڕوانینی خوێنەران.

## بەشی دووەم

## ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن بۆچییە ؟

ڕەخنەگرتن لەهەر ڕێکخراوێک یا هەر حیزبێک بۆ وەدەرهێنانی کرچوکاڵی و کەموڕییەکانی ئەو ڕێکخراوە یان ئەو حیزبەیە ، نەک  پێناسەکردنەوەی هەمان بڕوا و بۆچوونی پێشوو بەڵام لەژێر ناونیشانێکی تردا.

ڕەخنە لە خۆگرتن ئەبێت بەمەبەستی ئەوە بێت کەئەم ڕێکخراوە ناکرێکاری نا کۆمۆنیستیە بەرەو ئاستی  هەڵگرتنی ئاسۆو پەیامی ڕێکخراوێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی ببرێت تا چینی کرێکار بتوانن بەهۆی ئەو ڕێکخراوە یان حیزبەی خۆیەوە بتوانێت  خەبات و کردەی شۆڕشی چینایەتی خۆی بەرێتە پێشەوە، ئەگەر بۆ ئەوە نەبێت ئەی ئەبێت ڕەخنە لەخۆگرتن لە پێناو چیدا بێت؟ بەڵێ بۆ ئەو (منصور حکمت) ئەبێ لە پێناوی بەرژەوەندی و خواستی چینایەتی خۆیدا بێت جیاواز لە بەرژەوەندی چینی کرێکار.

ڕەخنە لە خۆگرتن بۆ ئەوە نییە کە سیاسەتی ڕیفۆرمیستی و سەندیکالیستی و سۆشیال – دیموکراتی ئاڕاستەی ناو سیاسەتی ڕێکخراوە یەکی نا کرێکاری یا حیزبێکی ناکرێکاری بکرێت و تەکانێک بە ئاڕاستەی گۆڕانێکی ڕاست ودروستی خەباتی چینی کرێکار بەرجەستەبکات.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک حیزبێکی کرێکاری نابینرێت ، بەڵکو وەک حیزبێکی ووردە بۆرژوازی چاولێئەکەین، وە ئەگەر ئێمەش ڕەخنە لە جەوهەری حیزب بگرین ئەبێ هەوڵ بدەین بگەڕێین بۆ خاڵە لاوازەکانی حیزب و بۆچوونە ووردە بۆرژوازییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەگەر وانییە ئەی بۆچی ئەبێت ئێمە شێوەیەک لە ڕەخنەی درۆزنانە بگرینەبەر کە هەمان جەوهەر و هەمان تێڕوانینی پێشوو بێت بەڵام بە سەوز و سووربیەکی ترەوە باسی لێبکەین."کە شۆرشی پرۆلیتاریا موماڕەسەی ڕەخنەلەخۆگرتنی کرد لە پێناو گەشەی تایبەتی خۆیەتی ." [مارکس].

ئەگەر ڕەخنە لە خۆگرتن لە پێناو گەشەی تایبەتی چینی کرێکار نەبێت نە ڕەخنەیەکی کرێکارییە و نەناوەڕۆکی ڕەخنەیەکی کۆمۆنیستییە، وە هەر خودی ئەم ڕەخنەیەش ئەبێتە هۆی زیاتر لاوازکردنی هێز و توانای ڕێکخراوەیی ئەو چینە لە ئاکامدا بە قازانجی چینی بۆرژوا ئەگەڕێتەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەت گەیاندنە بە دەسەڵات و سیستەمی بۆرژوازی ، هەروەها (لینین) ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتنی عیبارەت کرد بەمەبدەئێکی گرنگ لەکاری حیزبی کۆمۆنیستیدا.

ڕەخنە لە خۆگرتن ئەگەر ئاستی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار نەباتە ئاستێکی بەرزتر یا پلەیەکی سەرووتر ئەوا ئەو ڕەخنەیە ڕەخنەیەکی نا واقعی و نامادی ئەبێت، خۆی لە خۆیدا ڕەخنەیەکی سەروبەر میتافیزیکیانە و ئایدیالیستیانە و خەیاڵ پەزێری ئەبێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە چەند خەت و باڵی جیاوازی لەیەکتری تێدابووە و تێدایە، باڵێک لەم باڵانە هاتووە لەژێر ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا خۆی دەرخستووە ، ئەمان بە مەبەستی خۆیان هاتوون ڕەخنە لە باڵەکانی تری ناو حیزب ئەگرن گوایە ئەمەیان بۆ ئەوە کردووە لەبەر ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حیزبێکی ووردە بۆرژوازی بووە، وە هەر بە بڕوای کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوان بەرامبەر بە حیزب بە حسابی خۆیان بۆ تەواوکرێکاری کردنی حیزب هەوڵیانداوە ...... بەداخەوە ئەمان تەنها گرنگیان بە گۆڕینی شێوازی دەرەوەی ناونیشانەکان داوە نەبۆتە هۆی گۆڕینی یا نەبۆتە هۆی ڕەخنەگرتنێکی جەوهەری لە ناوەڕۆکی (مارکسیزمی

شۆڕشگێری ئەوان) مەبەست لە باڵەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە لەژێر ناونیشانی مارکسیزمی شۆڕشگێردا کاریانکردووە ، دەستکاریکردنی شکڵ و شێوەی دەرەوەی ناونیشانەکان هەموو شت نییە .ناتوانێت دەربڕی گۆڕانی ناوەڕۆکی سیاسی و هزری چینایەتی نەبێت ، کاتێک هەڵگری ماکی گۆڕانی کۆمۆنیست بوون بە دیدێکی کۆمۆنیستیی زانستی نەبێت.بۆ بەتەواو کرێکاری کردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەبێت ڕابەڕایەتیکردنی ئەو حیزبە بەدەست چینی کرێکار خۆیەوە بێت، وە تێۆرییەکانی تەواو تێورییەکی کرێکاری کۆمۆنیستی بێت بە بارودۆخی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا، ڕەخنەکان لە جۆری سیستەم و شێوازی بەرهەم هێنانی کۆمەڵگا ، لە بناغە پایەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری ، ڕەخنەیەکی کرێکاری و کۆمۆنیستی زانستی بێت و دوور لە ڕەخنە و هەموو جۆرە گلەییەکی ووردە بۆرژوازییانە بێت، نەبێت بەئامانج و بەخاتری بەدەستهێنانی جۆرێکی زیاتری ئەو ئیمتیازاتانەی کە هەیانە بەکاربهێنرێت، هەر کاتێک کە سەرەتا لە خوێندنەوەی مانفێستەوە دەستپێبکەین تا ئەو کاتەی ئەگەینە تەواوبوونی خوێندنەوەی هەموو کەلتورەکانی مارکسیزم- لینینزمەکان هەر هەموویان جەخت لە دروستبوونی ڕێکخراوەیەکی کرێکاری بە دسپلینێکی تەواوە وە دەکەن.

کۆمۆنیستەکان بەرامبەر بە هەموو کرێکاران هەڵوێستیان چییە؟ "کۆمۆنیستەکان حیزبێکی جیاواز بەرامبەربە باقی حیزەبەکانی چینی کرێکارنین، ئەوان هیچ قازانج و بەرژەوەندیەکی تایبەتی و جیاوازلە قازانجی هەمووکرێکارانیان نییە، ئەوان هیچ چەشنە ئوسولیەکی فیرقەیی ناهێننە کایەوە کە بەو ئوسوڵە بزووتنەوەی کرێکاری بخەنە قاڵبەوەز" (مانیفێست ل٤٨ وەرگێڕ ـڕێبوارـ )

بەڵێ ئەمە ئەبێ بە تەواوی بخرێتە دەستوری کاری ڕێکخراو یا حیزبە کۆمۆنیستیەکان و کرێکارییەکان، ئایا ئەم شێوە نەریتە لە دەستوری کاری ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە؟ ئەگەر هەیە ، کەواتە بۆ ئەبێت ئەو ڕێکخراوە کرێکاری نەبێت یا ئەو حیزبە کرێکاری نەبێت؟

بێگومان هەموو ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناتوانن ئەم جۆرە ئوسوڵەی سەرەوە بخەنە دەستوری کارییانەوە ، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لە تێڕوانین و نەریتە لە دژی بەرژەوەندی چینایەتی ئەوانە، لەبەرئەوەی ئەوان وەک ئەوەی کە هەژماریان (لە چوارچێوەی پەیوەست بە چینی کرێکارەوە ) بۆ بکەیت و بە بەرژەوەندی جیاواز نەکراوە یان بۆ بکرێتە بنەمای چینایەتی یان بخوێنێتەوە ( ناتوانیت پێی بڵێیت ئینسانەکانیان ووردەبۆرژواز نین).

بەڵێ ئەوان هەریەکەیان یا مانیفێستیان نەخوێندۆتەوە، یا مانیفێست کە بناغە و پایەی خۆی هەیە بۆ بەرنامەی کرێکاری لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا لەگەڵ بەرژەوەندی چینایەتی ئەواندا هاوسەنگ نیە، ئەمان هەر دەستڕاکێشرانێکی بۆ دانراوە کلاسیکەکانی (مارکسیزم- لینیزم) یا هەر پەنا بردنێک بۆی بە ئاکادمیست ناوت لێدەنێن، ئەویش بە خاتری ئاگادار نەبوونی دەوروبەریان بە تەواوی لە کردەو تێڕوانین و هەڵوێست و دەستی وورده بۆرژوازی و بۆرژوازیانە یان لە تێڕوانینە ڕیفۆرمیستییەکانیان بەرامبەر بە جموجۆڵ و خەباتی چینایەتی چینی کرێکار.

بە تێڕوانینی من ئاوا دەست بۆ کەلتورەکانی مارکسیزم دەبەم لەم سەردەمە ولەهەر سەردەمێکی تردا بێت بە شێوەی پەیوەستی بوونی کەلتورەکانی مارکسیزم لەگەڵ واقعی عەینی ئەمڕۆی دنیادا وەک مۆمێک بێت بە قاڵبی ئەمرۆکەی دائەڕژێمەوە،چونکە دیدی ماددییەتی دیالەکتیکی بەپێی سەردەمەکان و ئاڵوگۆڕەکانی دنیای هاوچەرخ لە گۆڕاندایە، بەڵام ئەوەش نییە کە کەلتورەکان هەندێک لە ئەسڵ و بنەمای تیۆریاتەکانیان لەدەستدابێت.

بەڵێ ئەمانە بە هێنانەوەی ڕستەیەک یا ووشەیەک لە کلاسیکەکانی مارکسیزم ئەبێتە بۆمبایەک و بەڕووی ووتەکانیاندا ئەتەقێتەوە وە ئەبێتە هۆکارو پارچەپارچەکردنی هەموو ووشەیەکی نا کرێکاری و نا کۆمۆنیستیان لەم دنیا بێبەرابەریەدا ئەگەر مارکس بمایە و تێزەکانی ناو مارکسیزمی شۆڕشگێر و ئەم کۆمۆنیزمە کرێکارییەی ئەوانی بخوێندایەتەوە ، وەک چۆن ئەو ئینسانانەی یان ڕێکخراو و گرووپ و حیزبانەی کەلە ساڵەکانی ١٨٤٨-

١٨٥١ دا بە ووردە بۆرژوا و دیموکراتەکان ناو ئەبردن ، هەربەوشێوەیە بۆ جارێکی تر لەسەردەمێکی تردا ئەکرد بەناونیشان بۆیان لەبەرئەوەی جۆرێک لە تێڕوانینی ڕیڤیژنیستی و ڕیفۆرمیستی و سەندیکالیستی ئەمانەی لە تەواوی تێزەکان و بۆچوونەکانیاندا ئەبینێ.

(منصور حکمت) لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا وە لە بەشێک لەو وەڵامەدا ئاوا باسی گۆڕینی جەوهەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکات ( کۆمۆنیزمی کرێکاری بە جێگای ووشەی کۆمۆنیزم بەکار دێنم ،چونکە ئێستا ئیتر ئەو خەسڵەتە چینایەتییە تایبەتە ناگەیەنێ کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٨٤٨ دابووی)[جیاوازییەکانی ئێمە ،ل -٦-]

گریمان منصوری حکمت کۆمۆنیزمی کرێکاری بە کۆمۆنیزمی سەردەمی مارکس داناوە و دراوی ئەم بیردۆزە، ئەوەیە کە ئایا کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتەواوی تا چ ئاستێک و بەچ رادەیەک پەیوەستن بە تێزوخەباتی چینی کرێکارەوە لە چ ناوەندێکی چینایەتی ئەم دنیایەدا کاردەکەن، مەبەستم توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵە ئەگەر باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ناوەندی چینی کرێکارە وە پەیوەستن ئەوا تێزەکانیان تا چ ئاستێک لە حاڵ و وەزعی چینی کریکار دەدوێ،وە تا چ ئاستێک دوورە لە هەموو لادانێک و تێکەڵ و پێکەڵکردنی باڵی بۆچوونی ڕیڤیزینزمی و ڕیفۆرمێزمی و سەندیکالیزمی ، بەکورتی تێزی ووردە بۆرژوازی دیموکراتیک ، وە ئەمە خۆی لە خۆیدا وەک سەلماندنێک ئەیەوێت ، کە نەبوونی تیزی ووردە بۆرجوازی دیموکراتیکی تیایاندا، ئەگەر ئەم تێزەی تیادانییە ئەوا سەلماندن و ئەنجامی ئەوێت ، وە ئەگەر تێیدایە ئەوا هەر سەلماندنی ئەوێت ، ئەویش لە بەشەکانی تریدا بە جیا لەیەکتری باسی لێئەکەم .

ئێمە لەسەر ئەوەی کە هەنگاوێک بڕوێنە دواوە و سەیری بکەین (مارکس) کە تا چ ئاستێک و بۆچی دەستی کردبەوەی تێزەکانی پێش خۆی و ناونیشانەکانی تری پێش خۆی گۆڕی بۆ کۆمۆنیزم تەنها بە ناو نیشانەوە نەوەستا لەبەرامبەر ئەوفرەجۆرەی سۆشیالیزمی بۆرژوازی و بە گشتی سۆشیالیزمە خەیاڵییەی سەردەمی خۆی دەرخستبوو ، جیاوازی تێزوتێوری و پێگەی چینایەتی سۆشیالیزمەکەیان دابووە دواوە . (ئەنگلس) لە پێشەکی بۆ

چاپی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧٢ دا ئەڵێ" هەر چەند لەم بیست و پێنج ساڵەدا (واتە لە ساڵانی ١٨٤٧- تا ساڵی ١٨٧٢) لەوانەیە بارودۆخ گۆڕابێ، هێشتا ئەو ئەسڵە عومومیانەی کە لەم مانفێستە باسکراون،بەتێکڕا وەک هەمیشە دروستن، هەندێک شوێن دەستکاری هەڵدەگرن بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئوسوڵە هەر وەک لە خودی مانیفێستیشدا باسکراوە، هەمیشە لەهەموو شوێنێک بە گوێرەی ئەو بارودۆخە مێژووییە دیاریدەکرێت کە ئەو کاتە لە ئارادایە ، هەر بۆیەش ئیسرارێکی تایبەتی نییە لەسەر ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕیانەی کە لە کۆتایی فەسڵی دووهەمدا باسکراوە، (واتە فەسڵی دووهەمی مانفێست ." (مانفێست – ئەنگلس – مارکس، ل ٢ ، وەرگێر(ڕێبوار)

هەروەها ئەنگلس لە پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیزی ساڵی ١٨٨٨دا ئەڵێت "بەڵام هێشتا سەرەڕای ئەمانەیش مانفێست بەڵگەیەکی مێژووییە کە ئیتر ئێمە ناتوانین دەستی تێبەرین ." مانفیست – مارکس- ئەنگڵس .

بەڵێ تەواو ڕاستە کە ئیتر دەستوەردان لە مانیفێستەوە تەواو لادانە، یا ناونیشان گۆرانەکان بۆ ناوەکانیان یا جۆری بەکارهێنانی ناوەکان لە مانیفێست تەواو لادانە.

چونکە مانیفێست ئەمرۆش وەکو ناوەڕۆک و وەکو تیۆری و وەکو ئایدۆلۆجێتی چینی کرێکار لەسەردەمی ئێستاماندا جێگە و شوێنی تایبەتی لە بەرنامە و ئایدۆلۆجێتی شۆڕش کرێکاریدا هەیە لە شکڵ گرتن بەرامبەر بە ڕێکخراو حیزبە ناکرێکارییەکان لەسەرتاسەری دنیادا.

بەڵێ " ئەوانە دەیانتوانی نێوی بنێین مانفێستی سۆشیالیستی ئاخر لە ساڵی ١٨٤٧ دا دوو جۆر لە کەسان بە سۆشیالیست دەناسران لە لایەکەوە لایەنگرانی ڕێبازورەوشتی جۆراوجۆری خەیاڵی بەتایبەت لایەنگرانی (ئوئین) لە ئینگلستان وە (فوریە) لە فەرەنسا کە هەر یەکێکیان ئەو کات ببونە فیرقەی بچوک و بەرتەسک و خەریکبوون دەتوانەوە لە لایەکی ترەوە ئەنواعی چاوبەستکەرانی کۆمەڵایەتی کە دەیانویست بێ ئەوەی زەرەر و زیانێک لە سەرمایە و سود بکەوێ، هەموو جۆرە مەینەتییەکانی کۆمەڵ بە ئەنواعی دا و دەرمانی چاری هەموو دەردێک ،وە هەموو جۆرە پینە و پەرۆیەک چار بکەن ، لە هەردوو حاڵیشدا کەسانێک بوون لە دەرەوەی

بزوتنەوەی کرێکاریدا،کەسانێک بوون کە زیاتر چاوەڕوانی یارمەتی چینە (خوێندەوارە)کان بوون. بەڵام ئەو بەشەی لە چینی کرێکار کە داواکاری ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی کۆمەڵ بوون و ساغبوون لەسەر ئەو باوەڕە کە شۆرش هەر تەنیا سیاسی ڕەسایی ناکات ئەو کات بە خۆیان دەگوت[کۆمۆنیست] ئەم کۆمۆنیزمە هێشتا هەر کۆمۆنیزمێکی غەریزی و ناپوختو وناکلۆکار بوو ،فەریک و هەندێک جار کاڵ و خاو بوو، گەرچی بەو ئەندازەیەش لەناو چینی کرێکاردا بەهێز بوو. " (مانفێست:مارکس– ئەنگلس ، پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ١٨٩٠ وەرگێر ڕێبوار-)

ئەم هەموو خاسیەتەی سەرەوە کە لە دەستوری کار و تێزەکانی باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باڵی مارکسیزمی شۆڕشگێری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندایە، باڵی مانفێستی حیزبی کۆمۆنیست ئا لەو سەردەمەی خۆیدا یەک بەدیل(ئەلتەرناتیف) و بەرنامەی کرێکاری کۆمۆنیستی بووبەرامبەر بە هەموو سەرمایەداری و سۆشیالزمە خەیاڵی (تسوبی)یەکانی سەردەمانی خۆیدا و هەر ئەوکات ڕایگەیاند بۆ کرێکاران کە ئەبێت کرێکاران ڕێکخراوی حیزبی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و تێڕوانینێکی ماددیان بۆ پەیوەندی کار و سەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان وە بۆ جۆری تێزەکانی ناو باڵ و فیرقەی جیاوازی ناو پەیوەندی حیزب و ڕێکخراوە ناکرێکاریەکان هەبێت بۆ ئەو ئینسانانەی کە خۆیان بە کۆمۆنیست ئەزانن هیچ جۆرێک لە تێز و کاری ووردە بۆرژوازیانە لە زەین و لە کرداریاندا نەبێت، وە شەرمەزارییە بۆ ئەو ئینسانانەی کە هەڵگری تێزی ووردە بۆرژوازین ، وە کار و کردەوەی پێئەکەن و ئەیانەوێت بیخەنە زەین و کرداری کرێکارانەوە ئەمیش بۆڵێک هەڵنەوەشاندنەوەی خاوەندارێتی (سەرمایەداری) بە کورتی و پڕی بۆ ئاو کردنیان بە ملی ئاشی بۆرژوازیدا.

# بەشی سێیەم

# بەڵێ ، بەڵێ .. یان .. نەء، نەء

کاتێک بەڵێ کردن بۆ بوون و ڕاستی مەبەستێک یان هەر شتێکی تری ماددی، خۆی لە خۆیدا بەرجەستە بوونی ئەو ڕاستییەیە و بوونی ئەو ئەسەلمێنێ، جا ئەو بوونە لە شێوەی بیرکردنەوەکەیدا بێت یان لە پێکهاتوویەکی ماددەیەکدا بێت.

وە نەء کردن بۆ نەبوونی مەبەستێک یان دەربڕینێک لە بنەڕەتدا پێویستی بە سەلماندنی نەبوونی ئەو مەبەستەیە، بەرجەستەکردن و سەلماندنی نادروستی ئەو مەبەستەیە ، وە هیچ مەبەستێک یا ڕاستیەک نییە لە نێوان ئەم دوو دەربڕینەدا ئەگەر ببێت ئەمە لە ئەنجامدا یەک ئەوی تر هەڵدەوەشێنێتەوە، دان بە ڕاستیدانان بۆ بەڵێ یان نەء خۆی لەخۆیدا شەڕ خوازیی نییە، وە ئەو شێوە تێڕوانینە شێوەیەک لە تێڕوانینی میتافیزیکی ئەخاتە ڕوو، لەلای میتافیزیکەکان بێ تێگەیشتن و پەرچەکردارەکان بە شێوەی دوولایەنە وەستاندنیانە لە نێوان بەڵێ بەڵێ ،نەء نەء ،دا بۆیەک تێڕوانین و یەک مەبەست ووتە و تێڕوانینی پێچاوپێچ وبێ ناوەڕۆک ونادروستیان هەیە لە هەمان کاتدا.

"لای میتافیزیکییەکان ، شتەکان و دەنگدانەوەی زەینییانەی شتەکان ، چەمکەکان لێکدابڕاوە وە پێویستیەک لەدوای یەک و جیا لەیەک سەیریان بکرێت ، ئەمە بابەتێکە بۆ باسکردن و (تویژینەوە) نەگۆڕە ، دەق هەڵهاتووە و جێگیرو بەستووە (جامد) .میتافیزیکییەکان وا بیر دەکەنەوە کە دژەکان بە شێوەیەکی ڕەها (مطلق) دەنگیان لەگەڵ یەکدا نییە بە واتایەکی میتا فیزیکەکان ، میتا فیزیکەکان بە شێوەیەکی ڕەها بیر لە ناکۆکییە لێکدابڕاوەکان دەکەنەوە ناکۆکی ڕەها و بەردەوام بەپێی بیربۆچوونی خۆیان دەبینین کە هیچ ناوەندگیرییەک (وسط)ێکی نییە وەڵامیان ئەمەیە

(بەڵێ ، بەڵێ ، نەء ، نەء) لەبەر ئەوەی هەموو بێجگە لەوە لە شەڕ خوازییەوە دێت، ئەوان وا بۆ شتەکان دەچن کەیان هەیە یان نییە وە هیچ شتێک ناتوانێت لەهەمان کاتدا هەبێت و خۆیشی لە خۆیدا شتێکی تریش ببێت ، موجەب و سالب یەکتری ڕەتدەکەنەوە بە شێوەیەکی ڕەها هەروەها هۆ و سەرئەنجامیش لە جیاوازییەکی توند و بنەبڕدا بەڕەنگاری یەکتربوونەتەوە."

لەوانەیە ئەم شێوە بیرکردنەوە لەسەرەتاوە بیرێکی زۆر ڕوناک دێتە پێش چاو، هەڵبەتە لەبەرئەوەی کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە شێوەی بیرکردنەوەی ئەوانەیە کە بەهەستی ساغ(سلیم)ی گشتی ناو دەبرێت هەرچەندە ئەم هەستی ساغی گشتییە هەتا چوارچێوەی بواری تەسکی دیوارە تایبەتییەکانیدا بێت جێگای ڕێزێکی بێ پایەنە وە هەر کاتێکیش جەربەزەیی (مجازەفە)ی کردوو هەستا بە چوونە دەرەوە بۆ جیهانبینی فراونی پشکنین (توێژینەوە) دەکەوێتە ناو کۆمەڵێ پێکدادانی زۆر سەرسوڕهێنەر ئەو کات ناچارە بەشداری داستانە زۆر سەیرەکان بکات. شێوازی میتافیزیکی لە بیرکردنەوەدا ئەوەیە ڕووکەش و پێویستە لە ژمارەیەک مەودادا کە فراوانییەکەی دەگاتە کەمترین ڕادەی لە دوو گەڕان (پشکنین) پێبەپێ سروشتی مەبەستی تایبەتی (الغرض المخصوص) جا زوو بێت یا درەنگ دەگاتە ئەو ڕادەیە کە ئەوانەی پشتەوەی یەک لایەنە و تەسک و دیاریکراو و نەگۆڕ و لێکدابڕاو لە ناو بۆتەی ناکۆکییە بێچارەکاندا (دژبەیەکەکاندا) لەبەر ئەوەی لەسەرنجدانی بۆشتەتاکەکان (شتەلێکدابڕاوەکان) ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی لەبیر دەچێتەوە کە لە نێوانیاندا هەیە وە بوژانەوە و دەرکەوتن و پوکانەوە (وونبوون)ی لە بیردەچێتەوە لەکاتی سەرنجدانی بونیاندا وە کە سەیری دەکات ڕاوەستاوە جوڵە هەمیشەییەکەی لە بیر دەچیتەوە بە مانایەکی تر ئەو بە هۆی دارەکانەوە دارستانەکە نابینێ."[انتی دوهونخ – ئەنگلس- ل٢٧- ٢٨ ]

ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی باشی (ئەنگلس) ە ، تێڕوانینە مادديیەکانی خۆی لەبارەی جۆری کار و تێڕوانینی میتا فیزیکییەکان .

منصوری حکمت لە وەلامی پرسیاری سێهەمدا ئەڵێ (ئەگەر ئەمرۆمارکس و ئەنکلس زیندوو ببانەوە و دینایان کە چۆن نیوەی کۆمۆنیزم جەدیانە ئیعترازییە شبهە سۆشیالیستیەکانی چینەکانی ترەوە بە دەستەوە گیراوە ، بێگومان فکرێکییان بە حاڵی نێوی مانفێستی کۆمۆنیست و بەگشتی ووشەی کۆمۆنیزم دەکردەوە، ڕەنگە وەک من سیفەتی کرێکارییان لێ زیادکردبا تا بە تەواوەتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەی کە ئەم کتێبە (بەیان)ی یەکەی بوو بگەیەنی .) [جیاوازییەکانی ئێمە ل/ ٦ - وەرگێر – محمد میسری]

ئەو تێزانەی منصوری حکمت لە ژێر ناونیشانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەریبڕیوە و باسی لێئەکات منیش ئەڵێم ئەم تێزانەی منصور دیدگای ریفۆرمیزمی و سەندیکالیستی و ریفورمیستی وە ئیکۆنومیستی تێدا بە شێوەیەکی بەرجەستە نەبینرایە بە تەئکید دەوری گرنگی ئەبوو لە هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕێ کرێکاریدا لەبەرئەوەی گۆڕانی ناوی کۆمۆنیزم هەر خۆی لە خۆیدا گرنگ نییە، ناوەرۆکی تێزو هزرو تێوری نووسینەکان و بناغەی مادی فکری نوسینەکان و تیروانینە کرێکارییەکان لە جۆری نوسینەکاندا بناغەیی و گرنگن ، مارکس ئەوکارەی ئەنجام نەئەدا بەتەنها ناونیشان و ناوی شکلی کۆمۆنیزم بگۆڕێت و سیفەتی کرێکاری بخستایە پاڵ ، بەڵکو ناوەڕۆکی نوسینەکانی هەڵئەوەشاندەوە و ئەیدایە بەر ڕێژنەی ڕەخنەی ماددی کۆمۆنیستی وکرێکاری لەبەرئەوەی مارکس هیچ کاتێک ناونیشانی بایەخ پێنەئەدا، بەجیا لە ناوەڕۆکی تێزو بۆچونەکان لە بارەی خەبات و شۆڕشی کرێکاران . کاتێک کە سۆشیالیزمی خەیاڵی پێش خۆی و سەردەمی خۆی ئەدایە بەرڕێژنەی ڕەخنەیی کۆمۆنیستی زانستی و کرێکاری نەئەهات تەنها بە گۆڕانی ناونیشانەکانەوە کۆتایی بهێنایە و دەستبەرداری هەموو تێزو بۆچونە نەشازو لادەرەکانی نوسین و تێڕوانینەکانی ناو چینی کرێکار وخزمەتگوزاری سەرمایەداری و بۆرژوازی بووایە . سەرتاپای ناوەڕۆکی بۆچون و هزری سۆشیالیزمەکانی پێش خۆی گۆڕی بەناونیشانەکانییانەوە .

مەنصوری حكمت خۆی لەخۆیدا دڵنیا نییە لە كرێكاری بوونی یا كۆمۆنیست بوونی تێڕوانین و تێزەكانی ، بەهەر حاڵ ووشەی (ڕەنگە) ی بەكارنەئەهێنا، چونكە ڕەنگە خۆی لە خۆیدا لەیەك تێڕوانینی میتا فیزكیانەوە سەردەردەهێنێ و خۆی دەردەخات ، بەكارهێنانی ووشەی(ڕەنگە) نیشانەی دڵنیا نەبوونیەتی لە تێزەكان و دەستكارییەكانی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانا ودەلالەتی جۆرێك لە نارێكوپێكی و خراپ بادانی تێزەكانیەتی لە باری ناوەڕۆكی كۆمۆنیستی و كرێكارییەوە ، هەروەها جۆرێك لە خۆ دەرخستنی هەوا لەخۆكردنی میزەڵان ئاسا و و فشوفاڵی ئەوانە.ئەوەیە كە ئەڵێت (پشیلە لە لای مشك بە دڕندەترین گیاندار ئەبینرێت )، كاتێك وەك بونی جێگایەك كە لە حیزبی كۆمۆنیستدا هەیەتی وەك ئیمتیازێك كە بە گەورەترین تیوریسنی حیزب ئەبینرێت وە ئەمەش بۆچوونی ناتەواوی كرێكاری و كۆمۆنیستی و تەئكیدبوونی ئەوە (هەڵبەت ئەو بۆچوونە میتا فیزیكییەی ئەوم مەبەستە)

لە شوێنێكی تری وەڵامی پرسیاری دەیەمدا ئەڵێت (ڕەنگە جەدەلی نەزەری جیددی لەگەڵ گرایشەكانی تا ئێستای چەپی غەیرە كرێكاری مەوزوعیەتی خۆی لەدەست بدا و ئێمە ڕێك هاسان بێنینە تەرەفی گرایشە ئەسڵییەكان)

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ كە ئایا ئەوان بە جیا لە چەپی غەیرە كرێكاری تێزەكانیان ئەخەنە ڕوو ئەگەر وایە ، ئیتر ناونیشانگۆڕین بە خاتری چییە؟؟

بەڵێ ئەمانە هەر هەمووی خۆی لە خۆیدا وەڵامی ڕێك و هاسان بە ناوەڕۆكی كۆمۆنیزمی كرێكارییەكەی ئەوان ئەداتەوە ، ئەگەر ئەوان نابنە تەرەفی گرایشە(مەیل) ئەسڵیەكان ناونیشان گۆڕین بە خاتری چییە؟؟

وەڵامی من لێرەدا ئەوەیە لە كۆمەڵگای ئێراندا حیزبی كۆمۆنیستی ئێران تووشی ئەزمەی ئوتۆریتە(نفوس معنوی) كرێكاری و ئەندامێتی كرێكاری بووە لە حیزبدا ، كۆمۆنیزمی كرێكاری خۆی وەك یەك باڵی جیاواز بە هەمان ناوەڕۆكەوە(مەبەست ناوەڕۆكی ماركسیزمی شۆڕشگێڕە) لە ژێر یەك ناونیشانی جیاوازدا خۆی دەرخستبوو، وە حیزبیش وەك یەك حیزبی وەڵام نەدەرەوە بەرامبەر بە هەموو ئەم كەموكوڕیانەی كە هاتبووە بەردەمی

حیزب لە چۆنیەتی پەیوەست بوون بە کرێکارانەوە ئیشنەکردنی ڕێکخراوانەی ڕێکخراوکردنی کۆمۆنیستانەی کرێکاران لە ناوەندی کرێکاریدا ، بەهێزنەکردنی بیروبڕوا و بۆچوونی کۆمۆنیستی لە زەین و پراکتیکی ڕابەرانی کۆمۆنیستی هەڵسوڕاو لە هەناوی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا......

یەک جۆر تێڕوانین و کردەوە ، یان دەستی ووردە بۆرژوازی برەوی بە هەموو ئەم کەموکوڕییانە ئەدات لە پێناوی بەرژەوەندی توێژگەلی ووردەبۆرژوازی و دانەبڕانیان لە پێگەی چینایەتیان ، لەبەرئەوە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە ، هەرچی زووتر و خێراتر دوورخستنەوەی دەست و تێزەکانی وورده – بۆرژوازی لەناو کرێکاراندا یان لە دەرەوەی کرێکاراندا و وەهاندانی کرێکاران بۆ لەناوچوونی ڕێکخراوەیی یان حیزبی وورده –بۆرژوازی و دوورخستنەوەیان لە ڕەووتی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار و شۆڕشەکەیان کارێکی پێویست و بابەتی (عەینی) کۆمۆنیستەکانە.

(ڕەنگە) بۆ جیاکردنەوەی باڵی بۆرژوازی لە باڵی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە ووشە و تێڕوانین و دیدگای ئینسانە کۆمۆنیستەکان نییە کاتێ کە بەرژەوەندی جیاوازیان لەگەڵیاندا هەبێت . کاتێک ئەم ئینسانانە تەواو ڕاستگۆ بن لەگەڵ کریکاران و بزووتنەوەکەیاندا ، بەڵام ووردەبۆرژوازی و بۆرژوازی لەژێر ناونیشانی جیاوازی جیاوازتری شێوە کرێکارییەکاندا خزمەت بە بۆرژوازی و حکومەت و سیستەم و دەوڵەتەکەیان دەکەن . لەبەرئەوە دەبێت دووربن و هەروەها دوورخستنەوەی ئەم ئیسانە میتافیزیکیانە لە بزووتنەوەی کرێکاری کرێکارانی دنیا کارێکی پێویست و ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەزانستیەکانە .

# بەشی چوارەم

## - ڕیفۆرمیزم (ئیسلاحات) یان شۆڕشی کرێکاری –

(ریفۆرمیزم) مانای بنەڕەتی و فەرهەنگی ، بریتییە لە چارەسەرکردنی گۆڕینی ڕووکەشی لەکاروباری ئابوری و سیاسییدا بەبێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر شۆڕش..

ڕیفۆرم لە کارەکاندا مانای هێشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازاییە وەک خۆی و بەڕوو کەشێکی تریەوە بە مەبەست ریفۆرم خستنە دەستوری کاری کرێکارانەوە،بە لادابردنی کرێکارانە لەسەر ڕەوتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی،ئەو کات مانای شۆڕشی نابێت و بە خاتری مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی دەبێت.

شۆڕشی کرێکاری مانا و پەرەنسیپ و ئەرکر مێژووییە ئەسڵیەکەی خۆی، بناغە مادییەکانی هەڵپێکانی ئەم شۆڕشە، بە خاتری مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی نییە، بەڵکو بۆلێک هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری بۆرژوازییە ، هەڵوەشانەوەو نەمانی خاوەندارێتی تایبەتییە . هەروەها بە جۆرێکی تری ئارایشتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بۆرژوازییە نیە ، لە پێناو زیادبوونی سەرمایە و مژینی هێزی کاری کرێکاران و قازانجی زیاترو بەردەوامی سەرمایەداری.

بەڵێ "کۆمۆنیزم جیاوازە لە هەموو ئەو بزووتنەوانەی پێش خۆی تا ئێستا کە بناغەی هەموو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هەڵسوکەوتەکانی پێشوو ژێرە و ژوور دەکا ، وە بەهەموو ووشیارییەکەوە چارەسەری دەکا ، بۆ یەکەم جار هەموو مەرجە سروشتییەکانی پێشووی وەریدەچەرخێنێ بۆ دەسەڵاتی

تاکە یەکگرتووەکان."[الایدولوجیە الالمانیە/ مارکس – ئەنگلس (وەرگێربۆعربی- د.فواد آیوب – داردمشق -) ل٧٨] .

ناوەڕۆکی شۆڕشی کرێکاری ناوەڕۆکێکی بایەخدارە کە هەموو پەیوەندیەکی سەرمایەداری لەبەریەک هەڵئەوەشێنێ ، دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی چینایەتی ڕاگوزەری پرۆلیتاریا ئەبێت بە پیوەستیەکی گۆڕانی بنەڕەتی و لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری دەبێتە حەتمییەتی مێژوویی و ئەرکی سەرشانی ئەندامەکانی حزبێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە "کە سەربەخۆی کرێکاران پێویستە و دەبێ بەدی بهێنرێتەوە". (بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی بۆ یەکێتی کۆمۆنیستەکان / مارکس- ئەنگلس ، وەرگێڕانی – ناسری حسامی ، ل ١- ٢)

ئەگەرئەم حیزبە یا ڕێکخراوە خواستی دەسەڵاتی سیاسی چینایەتی دەبێتە ساتێکی دیاریکراوی ئاڵوگۆڕی تەواوەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم نەبێت بۆ چینی کرێکار بێ گومان هەموو ڕێکخراوەی نا کرێکاری و نا کۆمۆنیستین و تێڕوانینی سوشیال – دیموکرات و ئانارشیزم زاڵە بەسەر هەموو لایەنەکانی ئەم ڕێکخراوانەدا . وە هەر ئەم ڕێکخراوو ئینسانانەی کە خۆیان بە کۆمۆنیست ئەزانن "خولیای ئەوەیان لەسەردایە کە فشاری سەرمایەی گەورە لەسەر شانی سەرمایەی بچکولە وفشاری بۆرژوازی گەورە لەسەر شانی ووردە بۆرژوازی لابەن ." (بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی بۆ یەکێتی کۆمۆنیستەکان / مارکس – ئەنگلس / وەرگێڕ ناصرحسامی ل ٣ ). (چینی – بۆرژوا – ووردە بۆرژوازی )ڕیفرۆمی ئابووری و سیاسی بۆ هێشتنەوەی بنەمای چینایەتی خۆیەتی لەسەر جێ و شوێنی خۆی بە نسبەت بۆرژوازییەوە وە ئەمانە هەر ئەو چینانەن کە ڕیفۆرم بۆ سودو قازانجی خۆیان بەکار ئەهێنن وە ئەم چینانە لە ناوەڕۆکی داواکارییەکانیان دا دەرئەکەوێت کە "داوای سیستەمێکی حوکمەتی محەللی دیموکراتیک دەکەن هەتا بتوانن " بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دارایی شارەداریەکان و کۆمەڵێک لە دامو دەزگا لۆکاڵیەکان کە ئێستا لە بەردەستی بیرۆکراتەکاندا بخاتە ژێرچاودێری خۆیان ... ئەمە کە خواستی ڕیفرۆم بێت لە دەستوری کاری ووردە بۆرژوا دیموکراتەکاندا بێگومان دەبێ یەک

هەڵوێستی پراکتیکی کۆمۆنیستی لە لایەن بزوتنەوەی کۆمۆنیستی چینی کرێکارەوە لەبەرامبەریان پرۆسیس بکرێت  بە ئاسۆی دژایەتی کردن و لە ناوبردنیان لە چوارچێوەی هەرحیزبێکدا بێت  و خۆی خستبێتە ژێرهەر ناونیشانێکی کرێکاری  و کۆمۆنیستی یەوە ، چونکە خۆش حاڵن و هەوڵی مانەوەی نیزامی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانیان لەسەر بەڕێوەبردنی بەڕێوبەرایەتییە کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای بەشەریەت دەدەن .. ئەو هەموو  بۆچون و پایەچینایەتییانەی سەرەوە کە باسمان لێوە کردن هەروەها "حزبێک کە ووردە بۆرژوا دیموکراتەکان قازانج و بەرژەوەندی خۆیانی بە شاراوەیی و بە شێوەی نهێنی تێدا بپارێزن پرولیتاریا باسی داخوازی یەکانی خۆی نەکا هەتا کێشەو ئاڵۆزی ساز نەبێ ئەم جۆرە یەککگرتنە تەنیا بە قازانجی ئەوانەو سەرو بەربەزەرەری پرولیتایە ".(بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی بۆ یەکێتی کۆمۆنیستەکان -مارکس – ئەنگلس ، وەرگێڕ – ناصر حسامی  - ل ٦  ) .

هەرکاتێک ئەمە جەوهەری (( ناوەڕۆکی )) ڕیفۆرم بێت لە دەستوری کاری ئەو ئینسانانە دا ئیتر ئەمانە چۆن  چۆن بەرژەوەندی یەکی هاوبەشیان دەبێت لەگەڵ چینی کرێکاردا  ؟؟  لێرەوە یەک بەش لە ووتەکانی منصور ئەخەمە بەر چاو،  کە ئیسلاحاتی پێ باشە بەدیدو بەرژەوەندی پێگەی چینایەتی خۆیی و ووردەبۆرژوازی ، لە وەلآمی پرسیاری یازدە هەمدا منصور دەڵێت ( ئەگەر قبوڵ بکات ئیسلاحات باشە ئەو کات خۆی ناچار دەبینێ کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرجوازی کە گوایە خاوەن ئیمتیازی خەبات بۆ ئیسلاحاتە ، بگرێتە باوەش ئەگەریش بیەوێ دوورە پەرێزی لێ بکا ، ئەگەر بیەوێ  لە مەیدانی سیاسی دا هێزێکی سەربەخۆ بێت  ئەو جاردەبێ ئیسلاح وەلآمی و ببێتە جەرەیانێکی مالیخولیای بە تاک کەوتەی قەراغ کۆمەڵ و بێ تەئسیر لەسەر ئەو زاعی عەینی  ) (جیاوازییەکانی ئێمە ل ٣٦ – ٣٧  ) .

حوکمەتی سەرمایە داری لەسەر تا سەری دنیادا ئەمرۆکە  بۆ لە دەست نەدانی دەسەلآتی سیاسی " خۆیان چەند جۆرێک لە ڕیفۆرمی ئابوری و سیاسی و دەستوری بە قازانجی خۆیان بەکار دەهێنن . ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا بەکارهێنانی هێزی کاری کرێکارانە بۆ بەدەست هێنانی سوودو

قازانجی زیاترو کەڵەکە بوونی سەرمایە لە بانکەکانی دنیادا . وە هەر ڕیفۆرمێک لە دووباردا بۆرجوازی بەکاری ئەهێنێت . یەکەم :کە فشاری نارەزایەتی چینی کرێکار لەسەر بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی ئەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە لەم جۆرە ڕیفۆرمە بەکار بهێنێت ئەویش بە خاتری ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی لە دەست نەدات و نارەزایەتی چینی کرێکار بەرامبەر بە بۆرژوازی سەرکوت و شەقار شەقار بکات . دووەم وەک ئەوەی کە بۆرژوازی هەندێ جار ئەم ئیسلاحاتە ئەکات ئەویش بە خاتری چاو بەست کردن لە کرێکاران و ئارایشت دانەوەی دەسەڵات و سیستەمەکەی بە جۆرێکی ترو لە هەمان کاتدا سەرکوتی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەگەر لەو ناوچەیەدا هەبێت پێی ئەکات . بۆ دواخستنی شۆڕشی کرێکاری و گەیشتن بە ئاکامە سیاسی یەکانی خۆی وە درێژ کردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی خۆی ئەگەر ئەم درێژ کردنەوەیەش بۆ چەند ساڵێک بێت .

ریفرۆم خۆی لە خۆیدا شەرمەزارییە ئەگەربۆ جەڕاندن و پابەندبوونی تەواوی کار و هەڵسوڕان و پەیوەستکردنی هەموو ئینرێژی ڕێکخراو یا حیزب و خستنە دەستوری کاری کرێکاران لە خەباتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیاندا . هەر لەبەرئەوەیە شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی زانستی دەبێت بۆرژوازی " توشی وەزعیەتێک بکەن کە فەرمان ڕەوایی و دەسەڵاتی دیموکراتەبۆرژواکان هەر لە سەرەتاوە گەرای ڕووخان و تێک شکانی تێدا ببەسترێ و بە ڕادەیەکی زۆر ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بێت کە لە داهاتودا دەسەڵات بکەوێتە دەست پرۆلیتاریا لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کرێکاران لە جەرگەی خەباتدا و دەستبەجێ دوای سەرکەوتنی خەباتەکەش تا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەیە لە دژی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی بۆرژواکان کە دەیانەوێ وەزعەکە هێمن و ئارام بکەنەوە ڕاوەستن و دیموکرتەکان ناچار بکەن خۆ لەو شەڕە خوێناوییە نەد زنەوەکە ئیدعای دەکەن . "( مارکس – ئەنگلس ، بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی ، ل ٧ ) .

ئەگەر کۆمۆنیستەکان دژایەتی چینایەتی نێوانی بۆرژوازی و کرێکاران توند و تیژ نەکەنەوە ئیتر لەگەڵ هەر سازکردنەوەیەکی ئەم دژایەتی یە یا خاو

کردنەوەی خۆی لە خۆیدا خزمەت کردنە بە بۆرژوازی و سەرمایەداران . لە هەر حیزبێکی کۆمۆنیستیدا ئەمە ئەبێت لە دەستوری کاریاندا بێت ، پراکتیک کردنەوەی تەواوی تیورییەکانی کۆمۆنیزم لەهەر حیزبێکی کۆمۆنیست و پەیوەست بوو بە چینی کرێکارەوە گرنگی زۆری هەیە لە هێنانە پێشەوەی شۆڕشی کرێکارانی کۆمۆنیستی زانستی."بەڵام کۆمۆنیستەکان تەنیا تاوێکیش ئەوە لەبیر نابەنەوە کە هەتا بکرێ دژایەتی دوژمنانەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی و ڕۆشنتر بۆ چینی کرێکار روونکەنەوە ." (مانیفێست ، مارکس- ئەنگلس ل ٧)

کۆمۆنیستەکان تیورییەکانیان دەکرێ لە یەک ڕستەدا بەرجەستە بکرێتەوە ئەویش کۆتایی هێنانە بە خاوەندارێتی تایبەتی، بێگومان ئەمەش قسە لەسەرلە ناوبردنی شەخسیەتی بۆرژوازی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیی بۆرژوازی مەبەست دەسەڵاتە و ئازادی بۆرژوازییە ، مەبەست لەمەشیاندا هەڵسوکەوتی بێسنوورو دژایەتی ڕەووتی مێژووە . مەبەست لە ئازادی لە مناسەباتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئێستا "ئازادی بازرگانی" ئازادی کرین و فرۆشتنە ، ئەمانە کە هەر هەمووی یەک تایبەتمەندی بۆرژوازییە ، ئەبێ بە تەواوەتی هەڵبوەشێتەوە، وە بۆهەتا هەتایە بنەبڕبکرێت ، لە جێگای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بە هەموو پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و تەکنیکی لە باری بەرهەمهێنان و هەموو بەشە خزمەتگوزارییەکانی تر بە ئینسان دابمەزرێت ، ئینسانەکان وەک یەک بەهرەمەند بن لێی.

هەر ئەو ریفۆرمەیە کە (منصوری حکمت) بە دڵ و بە گیان ئەیەوێت و ئەبێتە هۆی هێشتنەوە و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی ، وە ئەمەش ئەو کردەیەیە کە "بەشێک لە بۆرژوازی هەوڵ ئەدات مەینەتیەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی مانەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی بپارێزێت ئیقتصاد زانان ، خێرخوازان ئینساندۆستان ئیسلاح خوازانی حاڵی چینی کرێکار . زماندەرانی خێر و سەدەقە، ئەندامانی جەمعیەتی حمایەتی گیانداران، قەناعەتچیانی کۆنەپەرست، ئیسلاحخوازانی جۆراوجۆر و

ڕەنگاوڕەنگ هەموو لەم دەستەیەن ، ئەم شێوە لە سۆشیالیزم ئیتر سیستمێکی تەواو کەمالی لێدەرهاتووە.

نەئەم بۆرژوا- سۆشیالیستانە خوازیاری هەموو دەسکەوتەکانی موناسەباتی کۆمەڵایەتی نوێن ، بەبێ ئەو موبارەزاتە و ئەو مەترسیانە پێویستە و لێی دەوەشێتەوە، ئەوان دەیانەوێ وەزعی ئێستای کۆمەڵ هەروا بمێنێ بە بێ عنصرە- شۆرشگێرە تێکدەرەکانی .

جۆریکی دووەم و زیاتر عەمەلی ، بەڵام ،کەمتر سیستماتیک ، لەم سۆشیالیزمە تێکۆشاوە بەو بیانووە کە گوایە ریفۆرمی سیاسی نەء بەڵکو تەنیا ئاڵوگۆر لە هەل و مەرجی ماددی ژیاندا، لە بارودۆخی ئیقتیصادیدا، دەتوانێ کەلەبەرێکی پرۆلیتاریا بگرێ، هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە پێش چاوی چینی کرێکار بخات مەبەستی ئەم نەوعە سۆشیالیزمە لە گۆرانی بارودۆخی ماددی ژیانیش ، قەد نابوودکردنی پەیوەندە- بۆرژواییەکانی بەرهەمهێنانی لێناوەشێتەوە- کە تەنیا لە ئاکامی شۆرشێکدادێتە دی، بەڵکو مەبەستی هەندێ ریفۆرمی ئیدارییە لەسەر بناغەی مانەوەی ئەم موناسەبای هەندێ ریفۆرمی ئیدارییە لە سەر بناغەی مانەوەی ئەم موناسەباتی ئێستا ڕیفۆرمی وا کە دیارە ، لە هیچ بارێکەوە کار ناکاتە سەر پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار، بەڵکو لە باشترین حاڵەتیدا دەبێتە هۆی کەم خەرجبوون و سادەبوونەوەی کار و باری ئیداری حکومەتی بۆرژوازی ." (مانیفێست ، مارکس- ئنگلس ل،٦٨_٦٧)

بەلێ ئەم جۆرە لە سۆشیالیزم هەموو کارێکیان خستۆتە پێناوی بەرژەوەندی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیان ، وە ئەمانە هەر بەمەوە ناوەستن بەڵکو داواکاری بازرگانی ئازاد، بە قازانجی چینی کرێکار!حمایەتی گومرگی بە قازانجی چینی کرێکار!ئیسلاحاتی زیندان ، بە قازانجی چینی کرێکار! ئاوایە ئاخر قسە و تەنیا قسەی جیددی و پڕ مانای سۆشیالیزمی بۆرژوازی، وە لە کۆتایی قسەکانیاندا بریتییە لەم دەسەواژە پڕوپووچە "بۆرژوا" بۆرژوایە بە قازانجی چینی کرێکار.

وەک ئەرکێکی سەرشانی کۆمۆنیستەکان ئەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە ، ڕیفۆرم ئەم ئامانجەی سەرەوەی هەیە، کە لە ناوەڕۆکدا دژ بە ناوەڕۆکی

خەباتی پرۆلیتاریایە و بدرێتە بەر ڕەخنەی کۆمۆنیستانەی خۆیان ، هەروەها حکومەتی سەرمایە و کەڵەکەبوونی خێرای دەبێت لەلایەکەوە بە بەر تەسککردنەوەی مافی "وراثت" و لە لایەکی تریشەوە بەوە کە دەوڵەت ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە ئەفراد بەرێتە سەرکار، پێشی پێبگیرێ ، بەڵام لە بابەت کرێکارانەوە مەسەلەیەک هەیە کە هەر لە ئێستاوە ڕوون و ئاشکرایە کرێکاران لە ڕابووردوودا چۆن کرێ گرتەبوون هەر وا دەمێننەوە ، وورده بۆرژوا دیموکراتەکان داواکاری کرێ و بیمەی زیاترن بۆ کرێکاران و هیوادارن بە زیادبوونی شوغڵە دەوڵەتیەکان بە تەئمین بوونی ئیمکاناتی ریفاه و ئاسایش بۆ کرێکاران ئەمە وەدی بێت بەکورتی ئەمانە دەیانەوێ بەم خێر و بێره دەمی کرێکاران چەور بکەن و چاری نیمچە ژیانێکیان بۆ دابین بکەن کە دەنگیان دەرنەیەت ، هەتا بەم جۆره هیزی شۆڕشگێرانەیان تێکبشکێنن، ئەم داخوازانەی دیموکراسی وورده بۆرژوازی دیموکراتەوە بە تێکرا و یەک جێ داواناکرێت و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە بە ڕاشکاوی وەدیهێنانی هەموو ئەم داخوازیانەیان بە ئامانجی خۆیان داناوە.

هەرچی کەسان و دەستە و تاقمە وورده بۆرژواکان بەرەو پێشتر دەچن بەشێکی زیاتری ئەم داخوازیانە بە ڕاشکاوی بەیان دەکەن ، ئەو ژمارە کەمەش کە لایان وایە ئەو داخوازیانەی لەسەرەوە باسیان کرا لە بەرنامەکەیاندا هەن ، ڕەنگە پێیان وابێ داوای هەموو ئەو شتانەیان کردووە کە دەکرێ لە شۆڕشی داوا بکرێن.

بەڵام ئەو داخوازیانە ئەوە نین کە حیزبی کرێکاران رازی بکەن ، لە حاڵەتیکدا کە وورده بۆرژوا و دیموکراتەکان دەیانەوێ هەرچی زووتر کۆتایی بە شۆڕش بێنن و ئەو پەڕەکەی بەو داخوازانە بگەن کە لەسەرەوە باسیان کرا ، بەرژەوەندمان لەوەدایە و ئەرکی سەر شانمان ئەوەیە کە هەتا کاتێک کە هەموو چینە کەم تا زۆرداراکان دەسەڵایتان لێبستێندرێ، هەتا کاتێک کە پرۆلیتاریا نەک تەنیا لە یەک وولات بەڵکو لە هەموو وولاتانی پێشکەوتوی جیهان بەڕادەیەک پتەو بێت کە کێشە و ناتابایی لە نێو کرێکاراندا نەمێنێ لانیکەم هێزە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان بکەونە بەردەستی

کرێکاران ، ئەم شۆرشە بێ وچان درێژە پێ بدەین، ئامانجی ئێمە ئەوە نیە کە شکڵی مالیکییەتی خسوسی(خاوەنداریێتی تایبەتی) بگۆڕین بەڵکو دەمانەوێ بە تەواوەتی ڕیشەکێشی کەین و دەمانەوێ هیچ چینێک نەمێنێ نامانەوێ ئەم کۆمەڵگایەی ئێستا برازێنینەوە و دڵ بە ئاڵوگۆڕی بچوک خۆش بکەین ، بەڵکو دەمانەوێ کۆمەڵێکی نوێ دابمەزرێنین."(بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی ل ٥-٦) دەبێ ئەم بۆچونانە ، بۆچوون و تاکتیکی یەک حیزبی کۆمۆنیستی زانستی و کرێکاری بێت ، نەوەکوبە شێوەی تێڕوانینی ڕاسیونالیستی "ئەقڵ خوازانە"ی ووردە بۆرژوواییەکان بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستی و کرێکاری چینی کرێکار بڕوانین.

# بەشی پێنجەم

# "بزوتنەوەوی فکری یان سیستەمێکی فکری"

بزووتنەوەی فکری بە مانا تایبەتییەکەی خۆی بریتییە لە تێڕوانین و دنیابینی بۆ یەک بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری چینایەتی چینێک بە پێی شێوەیەک لە شێوەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ، یا ڕخنە گرتن لێی .

بزووتنەوەی فکری شۆڕشگێڕانە لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا، تایبەتە بە دژایەتی وگۆڕینی شێوازی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو سەردەمە (بەپێی سەردەمە جیاجیاکانی کۆمەڵ ) وەک سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کە هەر یەک لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەسەردەمە جیاجیاکانی خۆیاندا، هزری تایبەت بە پارێزگاری

سەردەمەکەی هەبووە ، چەوساوەکانیش ، خاوەنی ئایدیاو جیهانبینی تایبەت بە ڕزگاربوونیان بوون ، هەڵگری ئاڵای بزووتنەوەی فکری تایبەت بە خۆیان بوون ، سەردەمی کۆیلایەتی ، ڕاپەرین کۆیلەکان بەڕووی کۆیلەدارارندا لە بەرەنجامی چەوسانەوەیەکی زۆر و جولاًن و گەشەی ئابووری و بیری دەرەبەگانەی خاوەن زەوی و زارەکان بوو . هانی کۆیلەکانی دەدا بۆ دارمانی، سیستەمی کۆیلایەتی ، لەم شێوە بزووتنەوەیە پراکتیکیە ، بزووتنەوەیەکی تایبەتی هزری هەبووە ، دەرەبەگەکان ڕابەرایەتیان دەکردن . هەڵپێچانی و هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆن بۆ نوێ ،خستنە جێگای ئەمانە بە کۆمەڵێ دەرەبەگایەتی کۆتایی هات ، هەر ئەو بزووتنەوە فکرییە خۆی لە خۆیدا یەک تێڕوانینی دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمە بوون و کۆیلەکانی تیاکران بە پێشڕەو و جێبەجێ کاری ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی ئابووری ، هزرییە .

سەردەمی دەرەبەگایەتی لە منداڵدانی کۆیلایەتیدا گەشەی کردوو بە کۆتایی هاتنی ئەو سەردەمە لەدایکبوو، ئەمیش شێوەیەک لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان تیایدا پەیڕەو ئەکراو پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا بە شێوەیەکی جیاواز لەپێش خۆی ئەبینرا ، بەڵام چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بەپێی سەردەمی خۆی بەردەوام و درێژەی هە بووە.

ئەگەر باسیش لە سەردەمی سەرمایەداری بکەین ئەمیش شێوازێک لە پەیوەندی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە پێی سەردەمی خۆی هەیەتی ، وە لە هەمان کاتیشدا ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خاوەنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیەتی تێدایە ، ئەگەر باسیش لە سەردەمی سەرمایەداری بکەین ئەمیش شێوازێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەپێی سەردەمی خۆی هەیە ، وە لە هەمان کاتیشدا ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە یەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی تێدایە ، ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بزووتنەوەیەکی فیکری خۆیشی هەیە ، کە خزمەت بەسەرجەمی پەیوەندیەکانی دەکات ، لە بەرامبەریدا بزوتنەوەیەکی فیکری

سۆشیالیستیانە  دروست دەبێت و گەشەدەکات و برەو ئەسێنێ ، ئەم بزووتنەوەیە فیکرییە ئەبێتە هیواو کردەیەکی هووشیارکردنەوەو گەشەداری خەباتی پرۆلیتاریایە و کۆتایی هێنە بە نابەرابەری مرۆڤەکان لەم سەردەمەدا و نەهێشتنی دارا و نەدارەکان ، وە نەهێشتنی کۆیلەی کرێ گرتەی سەردەم و سەرمایەداریە.

"بەواتای ڕەها( مطلق )، بەڵام بە زانینی ئەو ڕەوشتەی کە تا ڕادەیەک کەم توخمی مرۆڤ دەگرێتەوە وە بە بەردەوامی ئەو شتەیە کە نوێنەری ئامادەیە لە جەرگەی ئێستادا واتە نوێنەری ئایندەیە ئەوەیە ڕەوشتی پرۆلیتاریا ، بەڵام کاتێ دەبینین سێ چینەکەی کۆمەڵگای نوێ(واتە کاتی نووسینی وتارەکە) کە پیاو ماقوڵانی دەرەبەگایەتی (الارستوقراطیە الاقطاعیة) وە بۆرژوازیەت و پرۆلیتاریا هەر یەکێ لەوان خاوەنی ڕەوشتی تایبەتە بە خۆی ئێمە ناتوانین لەوە لەیەک سەرئەنجام زیاتر دەربێنین ، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەیەک دەگەن بەشێوەیەکی وشیاری یان ناوشیار بیرکردنەوەی ڕەوشتیان لە دوای شیکردنەوادا لەتێکەڵاوی ئەو چالاکییانەی کە هەلوومەرجی چینەکەیان لەسەر بناغەی دەوەستێ، لەتێکەڵاوییە ئابوریەکانە کە تیایدا هەڵدەستن بە بەرهەمهێنان و ئاڵۆگۆر."(انتی دوهرنغ ، انجلز ،ل ١١٤ – دار دمشق)

بەڵێ ئیتر تێڕوانینی جیاواز و لادەرانە بە بوونی واقعی عەینی ، ئەم جۆرە بۆچوونە نابێتە بزووتنەوەیەکی فکری ئەو سەردەمە یاخود سیستمێکی فکری ئەو سەردەمە ... ئەگەر ئێمە بیبینە سەر تێڕوانینەکانی (منصور) لەم بارەیەوە زۆر جیاوازە لەو ناوەرۆکەی ، یان ناونیشانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەیەتی.

کۆمۆنیزمە کرێکارییەکەی کە (منصور) باسی لێوە ئەکات هەندێ لە کەم و کوڕی و ناتەواویی و دژی مارکسیزم بە ڕونی و تەواوەتی تیا بەدیدەکرێت لە پێشەوە باسم لێوەکردووە لە دواتریشدا دێمە سەر هەندێ لایەنی تریش.

(منصوری حکمت) لە وەڵامی پرسیاری نۆهەمدا ئاوا وەڵام ئەداتەوە:(ئەوەی کە من دەمویست وەڵامی پرسیارەکانی پێشودا تەئکیدی بکەمە سەر ئەوە بوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکی فکری وانییە کە بە دوای پایەی

پراکتیکی خۆیدا بگەڕێ،بە پێچەوانە بزووتنەوەیەکی ماددی و پراکتیکی جیاوازە کە بە پێی ئەمەش....) (جیاوازییەکانی ئێمە - ل"٢٨")

کۆمۆنیزمی کرێکاری بیروبۆچوونی ریفۆرمیستی وسەندیکالیستی یە برەودانە بە شێوەیەکی خەباتی تریدیونی لە نارەزایەتی و خەباتی سیاسی چینی کرێکاریدا، لەبەرئەوە بزوتنەوەی فکری ئەم سەردەمە نییە و نە سیستەمی فکرییەکەشیەتی، "بزوتنەوەی فکری کۆمۆنیزمی کرێکاری" برەودانە بە جۆرێک و شێوازێکی نارەزایەتی ووردە-بۆرژوازی ئەم سەردەمە ، بزوتنەوەی فکری یا سیستەمەکەی چەند وەڵامدەرەوە بووە بە خواست و پێداویستی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکارەوە ، چەند نارێکخراوبوونی چینی کرێکاری رێکخستوە و هەنگاوێک بردوویە یا دەیباتە پێشەوە لەسەرتاسەری ئێراندا،، بزووتنەوەی هزری و بیروبۆچوونەکان لەسەردەمانی خۆیدا بۆ ئەوەنیە کە بە جیا بۆ ویستی ئینسانێکی ووردە بۆرژوازی و توێژگەلەکەی دارێژرابێ ، ببێت بە بزووتنەوەیەکی فکری سەردەم.

بزووتنەوەیەکی هزری ئەبێتە بزووتنەوەیەکی هزری شۆرشگێرانەی سەردەم دژ بە بزووتنەوەیەکی هزری دیفاکتۆی (عەینی) سەردەمی خۆی ئیتر نابێت بە سیستەمی سەردەمەکەی وە سیستمی فکری ئەو سەردەمە سەرچاوەی لە بزوتنەوەیەکی فکری واقعی خۆی سەرچاوە دەگرێ و بنیاتئەنرێ، ئەمەش ئەبێتە بزووتنەوەیەکی فکری ووردە بۆرژوازیی لە سەردەمی خۆیدا.

ئەگەر وا نییە بیروبۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەواتە "بیروبۆچوونەکانی چینی باڵادەست ، لە هەموو سەردەمەکاندا ، هەروەها بیروبۆچونی باڵادەستە ،واتە ئەو چینەی کە هێزی ماددی باڵادەستە لە کۆمەڵگادا ، لە هەمان کاتدا هێزی بیرووباوەری باڵادەستە . ئەو چینەی کە هەڵسوکەوت بە ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی ماددیدا دەکات ، لە هەمان کاتدا خاوەنداری و سەرپەرشتیاری بە ناوەندی بەرهەم هێنانی فکریەوە دەکات ، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە کەم توانان لە ناوەندی بەرهەم هێنانی زهنیدا ، بەهۆی ئەوەوە مل کەچی چینی باڵادەست دەبن . بیرووباوەری باڵادەست هیچ شتێکی تر نییە بێجگە لە دەربڕینێکی ئایدیالیستانە بۆ پەیوەندیەکانی کە چینێک دەبێتە چینی باڵادەست؛ بە

دەربڕینێکی تر ، ئەو بیروباوەڕەیە کە باڵادەستی کردووە بەسەریدا، ئەو تاکانەی کە چینی باڵادەست پێکدەهێنن خاوەنداریێتی دەکەن ، هەروەک چۆن خوەنداریێتی هوشیاری دەکەن ، لە ئەنجامدا ئەوان بیردەکەنەوە ". (الایدولوجیة الالمانیة ، مارکس_ آنجلس ، ل ٥٦)

چینی بەرهەمهێن لە بەرئەنجامی پەیوەندییەکانی لە ناو پرۆسەی بەرهەم هێنان و سیستەمی سەرمایەداریدا ، بزووتنەوەیەکی فکری تایبەت بە خۆی پێکدەهێنێت ، وە هەر ئەم بزووتنەوەیە دەبێتە سیستەمێکی فکری سەردەمەکەی و باڵادەستی ئەبێت ، بۆ نموونە ئەمڕۆکە پەیوەندی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ و شێوازی دابەشکردن شێوازێکی سەرمایەداری بە خۆیەوە گرتووە هەیە ، لێرەدا دوو چینی زیندوو ئەبینرێت کە چینی کرێکاران و سەرمایەدارە ، کرێکاران لەلایەن سەرمایەدارانەوە ئەچەوسێنەوە، سەرمایەداران شیلەی هێزی کاری کرێکاران ئەمژن، ئەم هەلوومەرجە هەڵوێست و بیری کرێکاران بەلای دوو لایەندا ڕادەکێشێت ؛ یەکەم ؛ خودبەخود لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا هوشیاری باش کردنی هەلومەرجی کار و ژیانی لە لا دروست دەبێت . دووەم ؛ وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ لە سەردەمێکی تایبەت بە ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی ڕۆڵی تیادا دەگێڕێت و دەبێت . لە ڕۆڵ گێڕانی هێزو واتایەک و توانایەکی هزری بۆ دروست دەبێت و ڕێنوێنی خەبات و تێکۆشانی دەکات ، لە دواتردا دەبێتە ئایدیا و هزری دەسەڵاتی ، بەڵام بەجیاواز لە دەسەڵاتی هزری و کرداری سەرمایەداری ، کە لە پێناوی چەوساندنەو وەبەرهێنان لە هێزی کاری کرێکاران و بەدەست هێنانی سەرمایەی زیاتر، هەموو جۆرەکانی بیروو بۆچون و بەندوباوێکی هۆکاری مانەوەی بەکاردەهێنێت . کرێکاران لەم سەردەمەدا دەبنە خاوەن یەک بزووتنەوەی فکری شۆڕشگێری (بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی) سەردەم ، دژ بە هەموو نایەکسانی و بێ مافی کرێکاران جووڵەو هوشیاری دروست دەکەن ، ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارەوە دەبێت وە دەست بردنیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەبێت ، ئەوا بزووتنەوەیەکی فکری تایبەت بەو چینەیە نەوەکو شێوازێکی بەکارهێنانی ریفۆرم بێت لەم

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەدا لەپێناوی هێشتنەوەی ئەو شێوازە لە بەرهەمهێنان کە شێوازێکی سەرمایەدارییانەیە .

# بەشی شەشەم

# ڕیڤیژینیزم یان مارکسیزم

ڕیڤیژینیزم وەک ئایدیۆلۆژی بەرگری کردن لە بەرژوەندییەکانی چینی بۆرژوازی لە بەرامبەر پرۆلیتاریا لەمپەری مێژووی پەرەسەندنی ناکۆکی چینایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزمە و ڕێگری لە جێگیربوونی ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی مارکسیزم دەکات لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری جیهاندا.

ڕیڤیژینیزم کاتێک ئەبێتە بەربەست لەبەردەم بزووتنەوەی کرێکاری و لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناو چینی کرێکار ، هەرچی زووتر و باشتر ئەبێت تێکبشکێنیت و بنبڕی تەواوەتی ئایدۆلۆژی ریڤیژینیزمی بکرێت بە بێ هیچ دواکەوتنێک لە ڕێگەی پلانی درووستی هوشیارکردنەوە و نیشاندانی دەستی ناڕەواو خزمەتکاری سەرمایەدارییانەیان.

ئەگەر کۆمۆنیستەکان و حیزبە کۆمۆنیستەکان وەک یەک باڵی پێشڕەو لەناو کرێکاراندا ڕوونکردنەوە و چارەسەری ئەم ڕیڤیژینیزمەی ناو بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیستی نەبێت دەبێتە سەرچاوە بۆ خزمەتکاری و دڵسۆزی باڵی

بۆرژوازی و هێشتنەوەی چینی کرێکارە وەک کۆیلەیەکی کاری کرێگرتەی دەوڵەتی سەرمایەداری ، دژی بناغە و پایە بناغەییەکانی مارکسیزمە، ئەمەش ئەنتی تێزی مارکسیزمە.

ڕیڤیژینیزم وەک یەک ئایدیولۆژی بۆرژوازی دژی ئایدیۆلۆژی کرێکاری کۆمۆنیستیە ، بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە تەفرەقە و دوودڵی بخاتە نیو چینی کرێکار و خزمەت بە سەرمایەداری و بۆرژوازی بکات .

ڕیڤیژینیزم زەینی کریکار تووشی هەڵگری پێشبینی و تێڕوانینی بۆرژوازی ئەکات ، ئاستی تێڕوانینی ئەخاتە ئاستی تێڕوانینی ئایدیالستانەی بۆرژوازییەوە ، کرێکاران بۆ قۆناغێک و کاتێکی دیاریکراو ئەهێنێتە ژێر باری هەست و بۆچوونەکانی خۆیانەوە و خزمەت بە دامودەزگاکانی بۆرژوازی پێئەکات ، بەپێی ئەمە هەرچی زووتر گونجاوترە دەستبەکاربیت بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی ڕیڤیژینیزم لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا.

"چ ڤاکتۆرێک ڕیڤیژینیزم دەکاتە ناچاری لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا؟؟بۆچی ڕیڤیژینیزم لە تایبەتمەندی میللیەکاندا و گەشەکردنی پلە بە پلەی سەرمایەداری قوڵترە؟ چونکە لەهەر وولاتێکی سەرمایەداریدا لە پەنای پرۆلیتاریاوە هەمیشە تویژگەلێکی فراوان لە ووردەبۆرژوازی و خاوەنکارانی بچوک هەن سەرمایەداری خۆی لە بەرهەمهێنانی بچووک پێکهاتووە هەمیشە پێکیش دێت و زنجیرەیەک لە تویژەناوەندییەکان بە ناچاری بەهۆی سەرمایەدارییەوە سەر لە نوێ دێتە کایەوە." (اثار منتخبة دريك جلد - ليىنين- ل33)

کەواتە ڕیڤیژینیزم باڵێکی ناوبزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستییە بۆ بەلاڕێدابردنی کرێکاران و هەڵکەندنی لەسەر تەوەر و ڕێڕەوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە خەباتی چینایەتیدا ، دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم.

منصوری حکمت هەر لە پرسیاری چوارهەمدا ئاوا وەڵامی ئەداتەوە کە ئەڵێت (کۆمۆنیزمی کرێکاری مۆدێلێکی تری جەرەیاناتی دژی ڕویز و نیستیانە نییە) (جیاوازییەکانی ئێمە ،ل٧)

کۆمۆنیزمی کرێکاری کە منصورباسی لێئەکات کە جیاوازی لەگەڵ باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی حزبی کۆمۆنیست نییە ئەی ئەبێت جیاوازی لە چیدا بێت ؟

هەروەک ئەوەی کە لە ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەدا هاتون . ئەگەر ببێت بەتەواوەتی هەموو لایەن و کەموکوڕییەکانی حیزب تێڕوانینی ووردە بۆرژوازییانەی حیزب لێبکۆڵیتەوە بە دڵنیاییەوە ڕیڤیژینیزمێک دەبینیت ، لەبەرئەوەی هەر هەوڵێک بەئاراستەی چاک نەکردن و لەناونەبردنی لاوازی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی نەدرێت خۆی ڕیڤیژینیزمێکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خزمەت بە بۆرژوازی دەکات...هێشتنەوەی بناغە و پایەکانی سەرمایەداری یە ئەمەش بەو دەلیلەی یا تێڕوانینی ماددی و واقعی یان نی یە بۆ بزوینەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی یا کار بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجە دەکەن و ڕڤیژینیزم سەرچاوەی بیرکردنەوەیان دەبێت . چونکە هەر کەم و کوڕی یەکی ئەمانە لە سەرچاوە و بنەمای چینایەتی یانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمەیش بۆ هێشتنەوەی بنەمای چینایەتی ووردە بۆرژوازیانەیانە . لە ئاکامدا ئیتر خزمەت کردنە بە بۆرژوازی. هەروەها ریڤیژنیزمە کە لە بناغەوە ئەیەوێت خۆی بسەپێنێت بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی . خەبات کردن بۆ لەناو بردنی کۆت و بەندی باڵ ومەیلی ووردە بۆرژوازی و ڕیفیژینیزم لەناو ئەو بزوتنەوە کۆمۆنیستانە دا. کاری سەرشانی کۆمۆنیستە زانستییەکانە ، تێکشکاندنی باڵ و مەیلەکانی ڕیڤیژینیزم لە ناو کرێکاراندا ، بۆ هەرچی باشتر و زووتر هاتنە پێشەوەی چینی کرێکار لە شۆڕشی سۆشیالیستی وکۆمۆنیستی خۆیان دژ بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم . خەباتی "ئایدیولۆژی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ (بە ووتەی ئەو کاتەی لینین ). لەگەڵ ڕیڤیژینیزم دا لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەم داو هەروەها ڕاستە کە بڵێین لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و سەدەکانی دواتریش ، تەنها پێشڕەویەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە کە سەرەڕای هەمووددوڵی و ڕاڕاییەکی ئەندامانی ووردە بۆرژوازی لە ڕێگای سەرکەوتنی ئامانجی خۆیدا دەچێتە پێشەوە." (اثار منتخبة دريك جلد - لیینین- ل٣٢٥)

چوونە پێشەوەی ئەو خەباتەی کرێکاران بەرامبەر بە ڕیڤیژینیزم هەر لەبەر دەوامی خۆیدایە و زەروریيەتی سەردەمی خۆی هەیە کە کرێکاران لەسەر دەمەکانی لەوەو پێش و هەتا ئێستا و دواتریش هەوڵ بۆ ئەوە بدەن و کاری خۆیانی بۆ بکەن کە ڕیڤیژینیزم ئەبێت لە خەباتی چینایەتی خۆیاندا وەدەرنین .

"بەلام لە نێوان ئەو وانانەیش دا کە پێویستە بە خەباتی چینی کرێکارەوە و زۆر لە نێو پرۆلیتاریا ڕواجی هەیە مارکسیزم هەرگیز و بە هیچ شیوەیەک یەکسەر خۆی جێگیر نەکردووە ' مارکسیزم لە نیوەی سەدەی ڕابوردوودا ' واتە سەدەی نۆزدەیەم مەوجودیەتی خۆی لە ساڵەکانی (٤٠) ی سەدەی نۆزدەیەم دا لەگەڵ ئەو تیوریانەی کە لەبناغەدا لەگەڵیدا دوژمن بوون خەباتی دەکرد لە نیوەی یەکەمی ساڵەکانی (٤٠) دا مارکس و ئەنگلس لەگەڵ هیگڵیە چەپە ڕادیکاڵەکاندا پەیرەوی تیوری ئایدیالیزمی فەلسەفی بوون تەصفیە حسابیان کرد . لە کۆتایی ساڵەکانی (٤٠) لە ڕستەی دەرسە ئابووریەکاندا لە دژی برۆدیونیزم دەستی پێ کرد ساڵەکانی (٥٠) ئەم خەباتە بەسەر ئەنجام دەگەیەنێت ڕەخنە لە حیزبەکان و ئەو دەرسانەی کە لە خیلالی ساڵەکانی طوفانی (١٨٤٨) دەرکەوتبوون . لە ساڵەکانی (٦٠) دا خەباتی لە مەیدانی تیوری دا بە گشتی پێ ی دەنێتە مەیدان کە بە ڕاپەڕینی ڕاستەوخۆی کریکاری نزیکترە : ئیکۆنۆمیزم لە ئەنتەرناسیونال دەکرێتە دەرەوە .

لە سەرەتای ساڵەکانی (٧٠) دا لە ئەڵمان بۆ ماوەیەکی کورت مولبرژی (برودونیست) دێتە مەیدان لە کۆتایی ساڵەکانی (٧٠) شدا دۆهرینگ پوزیونیست دەردەکەوێت بەلام دەسەلاتی ئەم و هەم دەسەلاتی ئەو لە ناو پرولیتاریادا ئیتر بە گشتی کەمە ئێستا مارکسیزم بەبێ چەندوچوون بەسەر گشت ئایدولۆژییەکانی تری ڕاپەڕینی کرێکاریدا زاڵە ." (اثار منتخبة دريك جلد - لیی‌نین- ل ٣١)

ئەگەر زاڵیش نەبێت ئەبێت بە تەواوی زاڵبکرێت وە هەر خەباتێکی کرێکاران ئەبێت چاولە دیدو فەلسەفە وتێڕوانینی مارکسیزم بکات و لەدید و

پراکتیکی بۆ ڕابەرایەتی و چوونە پێشەوەی و هەڵوێستگیری و بەرامبەرگرتن و بۆرژوازی بەدەستەوە بگرێت .

# بەشی حەوتەم

## فراکسیۆنیزم

فراکسیۆن بەپێی فەرهەنگی سیاسی بریتیە لە کۆمەڵێک هاوبیر و باوەڕ لەناو حیزبێک یا ڕیکخراوێکدا، هەر حیزبێک یان ڕێکخراوێک ئەگەر فراکسیونی تێدا بوو ئەوا باڵی بەرامبەری فراکسیۆنە، بەرامبەر بە فراکسیۆنی دروستبووە.

ئەو فراکسیۆنەی کە بە تێروانینی جیاوازی خۆیەوە لە جموجوڵی فکری و سیاسی خۆیدایە بەرامبەر بە بۆچونی دامەزراوەیی ناو ئەو ڕێکخراوە یان حیزبە ئەمە خۆنیشاندان و جیابوونەوەی تیوری و ئایدۆلۆژی و میتۆدی جیاوازی ناو ئەو حیزبەیە ، ئەو بەشەی کە چۆن فراکسیۆن پێک ئەهێنێت هەر ئاواش بەشەکانی تر لە بەرامبەریدا ئەبنە فراکسیۆن.

ئەگەر ئەمانە فراکسیۆنی جیاواز لە یەکتری نین ، ئەی ئەبێت بۆچی باڵێک خۆی بە فراکسیون بزانێت؟

بێگومان ئەگەرفراکسیۆن بوونی ئەوان بە تێۆر و ئایدولۆژی جیاواز شکڵ بگرن ، کار و تیوری و ئایدولۆژی بەرامبەر تێک بشکێنن ، کەواتە باڵی

بەرامبەریش هەروەک ئەو خۆی لە فراکسیونێکی ناو حیزبیک یان ڕێکخراوێک ئەیبینێتەوە.

کاتێ کە (منصور) حیزب ئەکات بە سێ بەشی جیاواز لەیەکتری ئەوانیش باڵی ناوەند و چەپ وڕاستن کە هەریەکەیان بەبۆچونی منصور بە ئایدۆلۆژی جیاواز لە یەکتری هاتوونەتە پێشەوە و باڵی چەپ بە فراکسیون ناو ئەبات و باڵەکانی تر ڕاست و ناوەند بە فراکسیۆن ناچوێنرێت ، لەبەرئەوەی جیاوازی ئایدۆلۆژیان نییە لە باڵی چەپ ، ئەگینا ئەوانیش وەک باڵی چەپ بەفراکسیون حساب ئەکران ئەمەش خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە منصور بیەوێت وەک تاک دەهەند و تاکڕەویەکی فکری خۆی بهێڵێتەوە ، خۆی وادەردەخات لەسەر ئاستی دەفتەری سیاسی حیزب و ناوەندی حیزب ، هەر ئەمان فراکسیۆنی و خاوەنی ئایدییا و دیدگای دیارن . لەوەڵامی پرسیاری یانزەهەمدا ئاوا ئەڵێت (با لە پێشدا ئەوە بڵێم کەلەسەر کاغەز و لەباری ڕەسمییەوە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بە ڕواڵەت هیچ جەناح بەستێک نی یە) ( جیاوازی یەکانی ئێمە ، ل ٥٧ )

هەر ئەم ووتەیەی منصور سەلمێنەری نەبوونی فراکسیونی ناو حزبە چونکە هیچ جەناح بەستێک بەدی ناکات لەناو حیزبدا لە نێوان بەناو باڵە جیاوازو مەیلە جیاوازەکان دا .

ئیتر فراکسیۆن بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوشتی فراکسیۆنی خۆی لە دەست ئەدات .ئەوەی کە منصور لە قبوڵ کردنی یەکێتی لە قسەداو جیا بوونەوەی نهێنیانەی گروپەکان لە کردەوەدا ئەمە پاشماوەی فراکسیونیزمە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە خۆی ناوە بێگومان ئەو کۆمۆنیزمە بە ناو کرێکاری یەی کە منصور باسی لێ ئەکات مەبەستمە بە پێ ی ئەو واتایەی منصور کە خۆیان بە فراکسیون ناو ئەبات. "سەر ئەنجام ئەمە خراپترین شێوەی فراکسیۆنیزمە چونکە هیچ جۆرە ڕاشکاوی یەکی بەڵگە نەویست و سیاسی نی یە ." (اثار منخبە دریک جلد -لینین –ل ٣٢٥ ) .

بە پێ ی ئەو واتایەی منصور بابچینە سەر بەشێکی تری وەڵامەکەی لە پرسیاری یانزهەمدا ( تەنانەت باسکردنی ئەوەی کە خەت وگەرایشی جۆراو جۆری ناساز گار پێکەوە لە حیزبدا هەن زۆر کەس تووڕە دەکات ' گەر

چی لەم ئاخرانەدا هاورِێیانێکی زیاتر ئەم واقیعییە تانە بە رەسمی دەناسن ، بەهەر حاڵ دەمەوێ بڵێم بێجگە لە چەپ کە رِووانگە وبۆچونەکانی مەعلومە وە بە تایبەت پاش کۆنگرەی سێهەم هەوڵی داوە وەک گەرایشێکی جیاواز قسە بکا رِاست و مەرکەزی جەرەیانێکی وانین کە بکرێ وەک فراکسیون یان پلانفۆرِم قسەکەری لە پێشدا مەعلوم کراویانەوە بیانبینێ بەلاّم بونیان و رِادەی قودرەتیان بە تەواوی دەبینرێ و بە تایبەت لەم دەورەی دواییەدا پاش کۆنگرەی سێهەم بەرامبەر کێ ی گەرایشەکانی نێوحیزبە زۆر گەشتر بۆتەوە و شکڵی کۆنکرێت تری بەخۆوە گرتووە .) . (جیاوازی یەکانی ئێمە - ل ٥٧)

ئەگەر ئێمە بە ووردی سەیری ئەم بەشە لە قسەکانی منصور بکەین بە تەواوی ئەبینین کە بۆچوونی ترۆتسکیانەی هەیە بەرامبەر بە فراکسیون لەبونی یەک قسە بێ و یەک دەنگی کۆمەلاّنێکدا دەبینێتەوە " ئەمەش خراپترین شێوەی فراکسیونیزمە " هیچ جۆرە رِاشکاوی یەکی بەڵگە نەویست و سیاسی نی یە وە فراکسیون لە یەک بوونی قسەدا ئەبینێتەوە .

باشە کە چەپ رِوانگەو بۆ چوونەکانی مەعلومە بە نەبوونی تێوری و ئایدۆلۆژی جیاوازی خۆیانەوە رِوانگەو بۆچونەکانیان لە باڵی رِاست و ناوەند جیا ئەکەنەوە ، بێگومان ئەم باڵی رِاست و ناوەندە ناتوانین ناویان لێبنێین کە ئایدۆلۆژی رِۆشنی خۆیان نیە و لامان مەعلوم "زانراو" نەبێت ، ئەمەش وائەگەیەنێت کە منصور لە خەیالاّتی خۆیەوە دێت حیزب ئەکات بە سێ بەشی لێک جیاوازەوە.

ئەوەی کە منصور ناوی لێئەنێت گرایش "مەیل" مانای جۆری بیروبرِوا و بۆچوونی جیاوازلە ناو حیزبدا هەیە ، هەر یەکەشیان یەک ئایدۆلۆژی تایبەت بە ناوەرِۆکی بۆچوونەکانیان لەناو حیزبدا هەیە .. جۆری جیهەتگیری جیاواز بە سوننەت و پراکتیکی دیاریکراوی باڵەجۆراوجۆرەکان هەر هەموویان لەیەک شێوەی جیاوازی ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەوەش سیاسەتی رِێکخستنی جیاواز ئەبەخشێت بە باڵە جیاوازەکانی ناو حیزب.

ئەوەی کە منصور چۆن ئەڕوانێتە ئەو جیهەتگیرییە سیاسییە ئیتر ئەمە زانراو و ڕوونە لەلایەکی ترجیهەتگیری سیاسیش کە ئیتر مەیلی بەلای هەر بڕوا و بۆچونێک هەبێت  ئەمەش لایەنێکی دروستکراو و هەڵهێنجراوی ئایدولۆژی تایبەت بەو تێروانینەیە.

ئەوەش کە باس لە کادرەکانی ناو حیزب و مەیل بەستنیان بەلای مەیلە جۆراوجۆرەکانی ناو حیزب ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کادرانە هەڵگری کام یەک لە ئایدۆلۆژییە جیاوازییەکانی مەیلە جیاوازەکانن ، ئەمانەش هەمووی خۆی  دروستکەری فراکسیۆنی جیاوازن وەک مەیلە جیاوازەکان لەناو حیزبدا ، ئەمەش تێڕوانینی نادروست و ناهاوتا لەگەڵ تێڕوانینی بۆ بناغەی فراکسیونیزم کە منصور لای ڕۆشن نییە ، یا ئەوەتا نایەوێت بێتە سەر باسکردنی ناوەڕۆکی ئەوەی کە جۆری ئایدۆلۆژی ئەم مەیلانەی  باسی لێکردوون بخاتەڕوو  ناوەڕۆکیان  ئاشکرابکات ، بێگومان لەبەرئەوەی جیاوازی ئایدۆلۆژیان لێ بەدی ناکرێت ، وە نایەوێت بێتە ژێر باری نەبونی ئەو جیاوازی یە لە ئایدولۆژیان دا کە هەیە ، لەپێناوی پیشاندانی بوونێکی شکڵییانەی فراکسیۆن و سەلماندنی بیروبڕوای بەناو جیاوازی بێ ناوەڕۆک جیباواز .کاتێک ئەگەر جیاوازی هەیە پێویست بوو کۆنکرێت بوونەوەی جیاوازی مەیلەکانی بخستایەتە ڕوو کە جیاوازی لەگەڵدا هەیە.

هەروەها  ڕازی نەبوونی ئەم مەیلە جیاوازانەی ناو حیزب خۆی دەرخەری بوونی فراکسیۆنی جیاوازی دروست کەری حیزبن . کەواتە کاتێک کە کۆمۆنیزمی کرێکاری فراکسونە بە دڵنیاییەوە  باڵی ناوەندو ڕاستیش فراکسیوێنن کە ئەمەش لە لایەن منصورەوە باسی لێ نەکراوەو دانی پیانەنرراوە ئەمەش ناڕاستی تێڕوانینی منصورە بۆ شێوە و پێکهێنانی و بەستنی فراکسیون لە نیو حیزبدا .

منصور لەوەڵامی پرسیاری شانزەهەم دا ئاوا باس دەکات ( تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەڕێتەوە سەر نێوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک پەلامارێک بۆسەرمەرکەزدێتەگۆڕ. جەرەیانی چەپ ئیتر ئیدعای ئەوە  دەکات لەگەڵ سونەتە فکری و

عەمەلیەکانی حاکم بەسەر حیزبدا جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە ) . (جیاوازی یەکانی ئێمە - ل ٦٢ ).

ئەوەی کە چەپ جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە لە ناوەندو ڕاست ئەمەشیان بە ئایدولۆژی تایبەت بە خۆیانەوە دێت ، پەلاماری جۆرەکانی تری ئایدۆلۆژی ناو حیزب ئەدەن . چونکە هەر چینێک ئایدۆلۆژی تایبەت بە خۆی هەیە . چینی بۆرژوازی ئایدۆلۆژی بۆرژوازی یانەی خۆی هەیە هەروەها چینی پرۆلیتاریاش بەو جۆرەیە. کەواتە جیاوازی ئایدۆلۆژی یەکان دروسکەری جیاوازی باڵەکانەو جیاوازی فراسیونەکانە لە ناو یەک حیزبدا سەرچاوەکەشی جیاوازی کۆمەڵایەتی و پێگەی ئابووری چینایەتی چین و توێژە جیاوازەکانە .

<u>کۆتایی ٢٤/ ٨ /٩٩١</u>

فارس – (ن . ف . عبداللە )

نەجمەدین فارس حەسەن